
حوسییەکان: ئامادەین بۆ دەستوەردان ئەگەر تڕەمپ هەڕەشەکەی لە غەزە جێبەجێبکات



مەهدی مەشات سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سیاسی حوسییەکانی یەمەن ڕایگەیاند، هێزەکانیان ئامادەن دەستوەردانی سەربازی بکەن ئەگەر "تڕەمپی تاوانبار" هەڕەشەکەی لە غەزە جێبەجێبکات.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵی سەبا، مەهدی مەشات داوای کردووە "سبەینێ ڕێپێوانێکی ملیۆنی لە بەرامبەر بانگەوازی سەید عەبدولمەلیك بەدرەدین حوسی، ڕێبەری شۆڕشی حوسییەکان" ئەنجام بدرێت.

مەهدی مەشات جەختیکردەوە کە "هێزە چەکدارەکان ئامادەن و ئامادەن ڕێنماییەکانی ڕێبەری شۆڕش جێبەجێ بکەن، هەروەها دەستوەردانی سەربازیش بکەن ئەگەر تڕەمپی تاوانبار هەڕەشەکەی لە غەزە جێبەجێبکات".

مەهدی مەشات داوای لە گەلی یەمەن و کاربەدەستانی دەوڵەتی کرد کە لە ڕێپێوانێکی ملیۆن کەسی شەڕەفمەندانە لە کاردانەوە بە بانگەوازی حوسییەکان بەشداری بکەن.

پێشتر عەبدولمەلیك حوسی سەرکی بزوتنەوەی ئەنساروڵای حوسییەکان لە یەمەن دوپاتیکردەوە کە ئەگەر ئەمریکا و ئیسرائیل پلانی ئاوارەبونی خەڵکی غەزە جێبەجێبکەن، ئەوا بزوتنەوەکەیان بە هەڕشی موشەکی و ئێپەراسیۆنی دەریایی دەستوەردان دەکات .

جەختیکردەوە کە "ئاگەیاندنی دۆناڵد ترەمپ سەرکی ئەمریکا لە پلانەکەی بۆ ئاوارەبونی گەلی فەلەستین لە خاك و نیشتمانیان، دەستبەسەرداگرتنی مافێکە قبوڵ ناکرێت".